عەبدوڵڵا سەمەدی

## لە دەسپێکی هەزارەی سێدا

میلەکانی کاتژمێرم لە سەر سینگ دەخوشن و هەوەڵین ساتەکانی سەدەی بیستویەکەم دەپێون. دەنگدانەوەی دڵۆپەکانی زەمان، کە بێپەلە و هێدی هێدی دەتکێنە نێو کاسەی سەدەی تازە، لە گوێما دەزرینگێتەوە.

وا هەست دەکەم پیرەمێردێکی سەر و برۆ و ڕدێن سپی، بە داڵانێکی تاریك و ڕوونی ئەوپەڕ نەبینراوا تێدەپەڕێ. تەپەی لاق و تەقەی گاڵۆکی دەبیسم.

لەم داڵانەدا، سەرسام و تاساو، پاڵم وە دیواری لای تاریکان داوە و لە چاو ڕێبواری پیرا نەدیوم.

تاوێك لەمەوبەر بوو گەیشتە لام. ڕاست بەبەردەم مندا بووری. هەموو لەشم، هزر و بیر و ئەندێشە و دڵ، هاتبوونە نێو چاوەکانم. نەمدەترووکاند. لێم دەڕوانی و تێیڕامابووم.

من نەدیو بووم. پیرێکی لاواز و کەڵەگەت بوو. شۆقێکی زەرد، لایەکی ڕووخساری ڕووناك کردبوو. هەنگاو هەنگاو نزیك دەبۆوە. نزیك و نزیکتر. وەك نوقمی دەریای خەیاڵەکانی خۆی بێ وابوو. دەمێك لەمەو پێش بوو گەیشتە بەر دەمم. ڕانەوەستا، بەڵام وەك بڵێی هەنگاوەکانی شلتر کردبێتەوە وابوو. ڕووی وەرچەرخاند. من کە هەر پێم وابوو نەدیوم، ڕاست چاوی لە چاوەکانم بڕی. تەپەی دڵی خۆمم دەبیست.

خەتی دڵۆپێ ئارەقەیەکی سارد وەکوو شووشە لاجانگی بڕیم و بەڕوومەتمدا خزی. تررووسکەیەکی سەیر لە چاوەکانیدا بوو. بە چاو دەدوا. لەپی هەردوو دەست و پشتم بە دیوارەوە نووساندبوو. نە بزەیەکم لە سەر لێوەکانی دیت و نە بەزەیەك لە ڕووخساریدا.

ڕووی کردەوە بەر دەم خۆی و بە هەمان ڕەوتی پێشوو تێپەڕی. سێبەرێکی ڕەش بە دوایدا دەخوشی؛ دوو لاقی درێژ لە سەر تەختی داڵان و سەر و شانێکی کورت لە سەر دیواری ڕووبەڕوو.

بەم نیگایە هەزار قسەی درکاند. لە ئاستە خۆم دانیشتم. زانیم ناگەڕێتەوە، تەنانەت ئاوڕیش ناداتەوە. دەنگی چاوەکانی لە گوێمدا دەزرینگایەوە. دەیگوت: من ڕۆیشتم و

تۆ بەجێمای... تۆ بەجێمای... **تۆ بەجێمای...**